# داماڵینی دەق لە ڕێی بەشیعربووندا

باران

محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم



## پێشەکی

ئەو دەقەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاری لەسەر دەکرێت، یەکێکە لە پارچە شیعرەکانی کۆشیعری ساڵی سفری سەباح ڕەنجدەر، ئەو کۆشیعرەش بەوە جیادەکرێتەوە، ئەزموونی (داماڵینی زمان)ی لە ئەرکی گەیاندنی بەرجەستەکردووە. داماڵینی زمانیش لە ئەرکی گەیاندن، ئەوەیە خوێنەری دەقی ئەدەبی نەتوانێت، بە ئاسانی لە ڕێی زمانی دەقەوە، بگاتە واتای چاوەڕوانکراو، یان نەتوانێت، بگاتە ئەو واتایەی لە ناونیشانەوە پێشبینیدەکرێت. ئەم لێکۆڵینەوەیە هەوڵی ڕوونکردنەوەی ئەو هونەرە زمانییانە دەدات، کە لە ڕێی ئەوانەوە ئەم داماڵینە بە باڵای دەقەکەوە کراوە، بووەتەهۆی دروستبوونی فەزایەکی زەینی لە کات و شوێن.

هەڵبەتە داماڵینی دەقیش لە دەوروبەر و واتا و فەرهەنگدا، لەخۆوە و بەڕێککەوت ڕوونادات، بەڵکو بەرهەمی چنینێکی وردی پەیوەندییە زمانییەکانە، هەر لە ئاستی دەنگ و فۆنۆلۆژییەوە، تا وشە و گرێ و لاڕستە و ڕستەکان، هەموو ئەمانە بەیەکەوە بەشدارن لە دروستکردنی کۆنتێکستێك، کە تێیدا گیانێکی نوێ و جیاواز بە بەر هەموو یەکە و دانە زمانییەکاندا دەکرێت، کۆنتێکستێك وشەکان لەناویدا زۆر دەرەوشاوەن و زۆریش دوورن لەو سنوورە فەرهەنگییەی بۆیان کێشراوە، بە جۆرێك لەناو کۆنتێکستەکەدا زۆر ماقووڵن ، لە دید و ڕوانگەی فەرهەنگیشەوە زۆر دوورن لە ئەرکی بنەڕەتیی خۆیان لە زماندا، کە ئەرکی گەیاندنە.

گرنگی و پێویستیی لێکۆڵینەوەکە لەوەدایە، کە ڕەخنەی پراکتیکیی کوردی پێویستی بەو چەشنە لێکۆڵینەوە سیمیۆلۆژی و زمانییانە هەیە، هەرچەندە زیاتر برەو بە لێکۆڵینەوەی زمانی لەشیعردا بدرێت، ئەوەندە ڕەخنەی پراکتیکیمان دەوڵەمەندتر و زانستییانەتر دەبێت.

لێکۆڵینەوەی لەم جۆرە، گرفتی تایبەتیی خۆی هەیە، ئەم گرفتەش لە بواری دۆزینەوەی کۆدەکانی نێو دەقەکەدا دێنەپێشێ، وردبوونەوەیەکی لۆژیکیی زۆریان پێویستە تا دەسەلمێن، هەر بۆیە ئەگەر کارەکە زۆر بەوردی ئەنجامنەدرێت، ئەوا خوێنەر بەئاسانی، دەتوانێت بڵێت ئەو لێکۆڵەرە ئامانجی نەپێکاوە و دوور ڕۆیشتووە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بونیادەی، کە کاری داماڵینی زمانی لەم دەقەدا پێ سپێردراوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە کراوە بە دوو بەش. بەشی یەکەم ( داماڵینی زمان لە ئەرکی کۆمەڵایەتیدا )، لەوە دەکۆڵێتەوە چۆن زمانی دەقەکە لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەی، کە گەیاندنە، داماڵراوە. بەشی دووەمیش ( داماڵینی مرۆڤ لە سیماکانی منداڵیدا ) هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی دەقەکە بە بەیەکگەیاندنی هێما و ئایکۆنەکانی .

**دەقی شیعری ژمارە 129 1**

**بە دڵێکی پڕ و ئاسودەوە**
**بە ناو تاریکایی کێو تێپەڕی**
**کێو بەرگریکەر و هێرش بەرە**
**جیهانیش لێوی وشکە**
**گوێی سووك و مەست بە لەرینەوەی ئاواز**
**لە خەو هەستێ**
**بە ئارەزوویەکی زۆرەوە دەست بۆ کەمانچە دەبات**
**لە هۆڵی تاجداری گۆرانی و مۆسیقادا**
**سەرم بە سینگی درەختێکەوە کردووە**
**تا خۆم حەزدەکەم لە خەو هەڵممەستێنە**
**ئەی کازیوەی ناو باخچە فراوانەکان**
**منداڵێك لە درەختەکەوە نزیك دەبێتەوە**
**پەپوولەی بەسەر شانەوەیە**
**لە ڕەنگاوڕەنگی پەپوولە بێزارە و ترسێك ماندووی کردووە**
**نازانێت پەپوولە بەسەرشانی دەمێنێتەوە**
**یان بە هۆی شانییەوە دەچنە ناو لك و پۆپی درەختەکەوە**
**ئەو کات دەبێت یارییەکە دەست پێ بکاتەوە**
**خەمیش لە کۆتایی گەردوون بخوات**

## بەشی یەکەم: داماڵینی زمان لە ئەرکی کۆمەڵایەتیدا

لەم پارچە شیعرەدا خوێنەر هەست بە وێڵبوون دەکات، لەنێو دێڕ و ڕستەکاندا، زمانی شیعرەکە لەڕووی پێکهاتە زمانییەکانییەوە زمانێکی پتەوە و ڕستەکانی ڕێك و ڕەوانن، بەڵام لەڕووی واتاوە زمانێکی ئاڵۆزە و پەیامێکی ڕاستەوخۆ ناداتە خوێنەر . هۆی ئەو ئاڵۆزییە واتاییەش ئەو بونیادە زمانییەیە، کە بەڕێکی کاری لەسەر داماڵینی زمانی دەقەکە لە ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی کردووە، بەم هۆیەشەوە ڕستەکانی لە واتا نزیکەکانیان داماڵیوە. لە سیما زەقەکانی داماڵینی زمانی ئەم دەقە :

### یەکەم: داماڵینی ناونیشان لە ئاماژە:

ناونیشانی دەق ڕەگەزێکی بنچینەییە لە پێکهاتەی هەردەقێکدا، چونکە ئەو شوێنەیە، کە ئاماژە و واتای ئایکۆنە زمانییەکان لەوێدا هەڵدەگیرێن و پارمەتیدەرێکی باشە بۆ نزیکبوونەوە لە واتای دەق. خوێنەر بەهۆی ناونیشانەوە بەرەو ئاقاری واتایی هەڵەوە هەنگاونانێت، هەربۆیە ئەو نووسەر و شاعیرانەی نایانەوێت واتایەکی دیاریکراو بەبەر دەقەکانیاندا بکرێت، هیچ ناونیشانێك بۆ دەقەکان دانانێن.

ئەم دەقە شیعرییەی لەم لێکۆڵینەوەیەدا کاری لەسەر دەکەین، لە کۆشیعری ساڵی سفر  دا بڵاوکراوەتەوە. لەڕووی زمانەوە لە دیارخەر و دیارخراو پێکهاتووە، ئەم ناونیشانە ئاماژەی واتایی وەك : ساڵی هیچ ، ساڵی بەتاڵ ، ساڵی بێکاری ، ساڵی بێ ئاکام ، ساڵی بێبەرهەم ..... تاد، دەگەیەنێت. لەهەمانکاتدا ئەو ئاماژە واتاییانە دابڕان و دوورکەوتنەوە دەگەیەنن، لە سامناکی و نادیارییەوە نزیکن، بەڵام ڕاستییەکەی پێچەوانەی ئەوەیە، خوێنەر بەرانبەر کۆشیعرێك دەوەستێت، کە پڕە لە مەبەست و ئاماژەی جوان و دەوڵەمەند، بۆیە ئاسان نییە ناونیشانێکی وەك ساڵی سفر  بە واتا نێگەتیڤەکانییەوە بەو کۆشیعرە ببەستینەوە. لێرەوە پێویستە لەوە وردبینەوە، کە ناونیشانی کۆبەرهەمەکە ئاماژە نزیکەکانی لێداماڵراوە، بەمەش بووەتە دەروازەیەکی گرنگ بۆ چوونە ناو دنیای لێکدانەوە ( تأویل ) لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکاندا. دەروازەیەك ئاماژەگەلێکی پۆزەتیڤ و هیوابەخشی تێدایە، وەك ساڵی دەستپێك، ساڵی خاڵی سەرەتا، ساڵی بەرەو بەردەوامبوون، ساڵی لەدایکبوونی شیعر، ساڵی ئەزموونێکی نوێ لە شیعر ..... تاد، بەم چەشنە دەبینین ناونیشانی دەقەکان خوێنەر دەخاتە بەردەم وێنەیەکی زەینیی تەڵخ، کە پڕە لە تەمومژی واتایی و هیچ ئاماژەیەکی نزیك ناداتە بەدەستەوە. ئەم خەسڵەتەی ناونیشانەکە پرۆسەی خوێندنەوەی دەقەکان دەوڵەمەندتر دەکات.

ناونانی هەربەرهەمێکی شیعری بە هەرناوێکی گونجاو، یارمەتیدەری خوێنەرە بۆ نزیکتربوونەوە لە خوێندنەوەیەکی دەوڵەمەند، بەڵام لەو کۆشیعرەدا ناونیشان هیچ هاریکارییەکی خوێنەرەکەی ناکات، ئەمەش بەهۆی کاری ئەو بونیادی داماڵینەیە، کە بە پانتایی دەقەکە جوولەیەکی دینامیکی بەردەوامی هەیە.

### دووەم: داماڵینی ( دانەپاڵ ) لە گونجان:

یەکێك لە پێویستییەکانی گەیاندنی واتا لە زمانی قسەکردن و نووسیندا ئەوەیە لە کردەی ( دانەپاڵ – ئیزافە)دا، گونجان لەنێوان هەردوو یەکە زمانییەکەی ( دیارخەر – دیارخراو ) دا هەبن . ئەوەی لەم دەقەدا هەیە، داماڵینی کردەی دانەپاڵە لەو گونجانە. ڕاستە ئەمە لە زمانی شیعریدا پێشتر هەبووە، یەکەم جار نییە پەیڕەوبکرێت، بەڵام گرنگییەکەی لەو دەقەدا ئەوەیە بووەتە ڕایەڵەیەکی بەهێزی بونیادی گشتیی داماڵینەکە.

| | |
|---|---|
| **جیهانیش لێوی وشکە** | 4 |
| **گوێی سووك و مەست بە لەرینەوەی ئاواز** | 5 |
| **سەرم بە سینگی درەختێکەوە کردووە** | 9 |

لێرەدا ( لێوی جیهان) و ( گوێی جیهان) و (سینگی درەخت) نموونەی ئەو دانەپاڵانەن، کە دیارخەر و دیارخراوەکەیان هاوگونجاو نین.

هەر لە بابەتی دانەپاڵدا دۆخێکی دیکەی نارێزمانی هەیە، ئەوەیە کە شێوەی سادەی ( دیارخەر – دیارخراو ) بەکارنەیەت، بەڵکو رووداوێك بدرێتە پاڵ بکەرێکی نەگونجاو. بۆ نموونە کارێك کە دەبێت بکەرەکەی مرۆڤ بێت، شاعیر بیداتە پاڵ شتێکی بێگیان، لەم دەقەدا ئەو شێوەی دانەپاڵەش پەیڕەوکراوە، بەمەش بنیادی داماڵینەکە پتەوتر بووە. بۆنموونە :

| | |
|---|---|
| لە خەو هەستێ | 6 |
| بە ئارەزوویەکی زۆرەوە دەست بۆ کەمانچە دەبات | 7 |

لەم دوو دێڕەدا دوو کاری تایبەت بە مرۆڤ بکەرێکی دیکەی بۆ دانداروە، کە ( جیهان ) ەو لە دێری ژمارە ( 4 ) دا باسیکراوە.

**سێیەم: داماڵینی شوێن لە ڕەهەندە فیزیاییەکانی:**

شوێن بریتییە لە کۆمەڵێك ڕەهەندی فیزیایی، هەر شوێنێك بەوە دەناسرێتەوە، کە دەکەوێتە باکور، یان باشور، یان هەرئاراستەیەکی دیکە بە بەراورد لەگەڵ شوێنێکی دیکە، کە لەو ناسراوترە. لەم دەقەدا خوێنەر هەست بەوە دەکات بەرانبەر هەندێك شوێن وەستاوە، ناتوانێت بەهۆی ڕەهەندە فیزیاییەکانەوە بیانناسێتەوە. هۆی ئەمەش ئەوەیە زمانی ئەم دەقە، هەوڵیداوە گوزارشت لە شوێن بکات بە هەندێك ڕێگا، کە لە قسەکردنی ئاساییدا ڕێگای گوزارشتکردن لە شوێن نین. ئاشکراشە دەربڕینی شوێن لە زماندا بە هەندێك ڕێگا دەبێت، وەك :

1- بەکارهێنانی ناوی شوێنە تایبەتییەکان ، وەك ناوی دەوڵەتان و شار و لادێ و باڵەخانە و .....تاد.

2- ناوی شوێنە گشتییەکان : وەك : میوانخانە ، شوشتنگە ، پیشانگە ، گەرماو .....تاد.

3- هاوەڵکاری شوێن : وەك : ، سەر ، خوار، لا ، کن 2 ، ..... تاد.

**ناوونیشانی دەق ڕەگەزێکی بنچینەییە لە پێکهاتەی هەردەقێکدا، چونکە ئەو شوێنەیە، کە ئاماژە و واتای ئایکۆنە زمانییەکان لەوێدا هەڵدەگیرێن و یارمەتیدەرێکی باشە بۆ نزیکبوونەوە لە واتای دەق. خوێنەر بەهۆی ناوونیشانەوە بەرەو ئاقارک واتایی هەڵەوە هەنگاونانێت، هەربۆیە ئەو نووسەر و شاعیرانەی نایانەوێت واتایەکی دیاریکراو بەبەر دەقەکانیاندا بکرێت، هیچ ناوونیشانێك بۆ دەقەکان دانانێن**



4- ئەو وشە پرسانەی بۆ پرسیارکردن لە شوێن بەکاردێن، وەك : کوێ ، لکیڤە ، لەکوێ .....تاد.

5-ئەو هاوەڵناوانەی وەسفی شوێن دەکەن : وەك : دوور ، نزیك ، بەرز ، قووڵ .....تاد.

لەو پارچە شیعرەی سەرەوە تێبینی ئەوە دەکرێت، گوزارشتکردن لە شوێن نەکەوتووەتە بەر کاریگەریی ئەو یاسا زمانیيانەوە، واتە شێوازە زمانییە ئاساییەکان بۆ ئەفراندنی هەموو شوێنەکانی ناو دەقەکە بەکارنەهاتوون، بەڵکو شوێن لەو دەقەدا چنراوێکی فەنتازیای شیعرییە، کە بە درێژایی دەقەکە کار لەسەر زەقکردنەوەی سیمای بەزەینبوونی وێنەکانی دەقەکە دەکات.

بەلای رەخنەگرانی هاوچەرخەوە چەمکی شوێن فراوانترە لەو دیدگە زمانییە ئاساییەی لە توانستی زمانیدا هەمانە، بەلای ئەوانەوە ( شوێن ئەو پەیوەندییە جوگرافییەیە، کە لە نێوان کۆی شتە هاوگونجاوەکاندا دروستدەبێت، لە دیاردە و حاڵەت و ئەرك و شێوەگۆڕاوەکان و .....تاد، وەك پەیوەندیی دووری و ماوە و ..... تاد. )3. ئەو جۆرە ناساندنە چەمکی شوێن فراوان دەکات، تا ئەو رادەدەیەی کە هەموو ئەو شتانە بگرێتەوە، کە لەمیانەی دەسەڵاتی رەهەندە شوێنییەکاندا لەناو دەق بەکاردێن، ئەگەرچی لە خودی خۆیاندا شوێن نەبن و تەنیا لە خەیاڵدا کرابن بە شوێن. روونتر لەو دەربرینە ئەوەیە، کە گاستۆن باشلار لە کتێبی جماليات المكان  دا بۆی چووە، دەڵێت:( ئەو شوێنەی کە خەیاڵی مرۆڤ دەیخوڵقێنێت، شوێنێکی پشتگوێخراو - گرنگی پێنەدراو - نییە تەنیا لە چوارچێوەی رەهەندە ئەندازەییەکاندا خوڵقێندرابێت، بەڵکو شوێنێکە مرۆڤ بە شێوەیەکی بابەتی و کرداری و بە هەموو هەستپێکردنەوە لە دنیای خەیاڵدا تێیدا ژیاوە )4 ، کەواتە شوێنەکانی ناو دەقی شیعری، دەکرێت خەیاڵی و زەینی بن، بۆیە دەقی شیعر بوونەوەرێکی زیندووە لە جوگرافیای زەینی و خەیاڵی دەوڵەمەندی مرۆڤی داهێنەردا، جوگرافیایەك رەهەندەکانی تەنیا باکوور و باشوور و رۆژهەڵات و رۆژئاوا نین، بەڵکو رەهەندانێکن لە دنیای مەتریاڵییەوە، بە کەرەستەی زمانی قسەکردن بە ناوەندی جیهانبینی شاعیردا دەپەرنەوە، لە دنیای فەنتازیاوە بە دەرچوونێك دەردەچن، کە لە دیدە فیزیکی و مەتریاڵییەکەی زماندا پەرشوبڵاو دیارن، بەڵام لە دنیای فەنتازیادا - وەك لە هێڵکاریی خوارەوە روونکراوەتەوە- بەم دەرچوونە پەرشوبڵاوەوە خولقێنەری جوانی و شیعرن.




**هێلکاری (1 - 1 )**

شوێن لە دەقی شیعریدا ( وشەیەکی دەوڵەمەندە بە فرەواتایی ، چونکە لە فەرهەنگ دوورخراوەتەوە، بۆیە لە دەقە شیعرییەکاندا شوێن و جیهانێکی جیاواز لە شوێن و جیهانی ئاسایی بوونی هەیە، شوێنێکی زیندووە و مرۆڤ لە دۆخی خەیاڵدا دەدوێنێت )5 . لێرەوە دەردەکەوێت، کە شوێن لە شیعردا رەگەزێکی هەرەسەرەکیی ئەفراندنە و هەرچەندێك شاعیر زیرەکانە مامەڵەی لەگەڵدا بکات، ئەوەندە داهێنانەکانی جوانتر دەردەکەون، بە پێچەوانەشەوە ( شوێنێك بوونی نییە لە دەرەوەی کردەی خەیاڵدا)6 ، بۆیە شوێنی ئاسایی بەبێ تێپەڕاندنی بە دنیابینیی داهێنەرانەی شاعیردا، وەك لە هێڵکاری ( 1-1 ) دا روونکراوەتەوە، لە نەخشەی جیهانیی شیعر بوونی نییە، ئەم کردەی ئەفراندنەی شوێنیش بە داماڵینی شوێنی ئاسایی لە رەهەندە جوگرافییەکانییەوە بەهۆی زمانی شیعرەوە دەکرێت، ئەم داماڵینەش بونیادێکی پتەوە و لەم دەقەدا تابلۆی شوێنی زۆر جوانی بەرهەمهێناوە، بۆ نموونە :

### له هۆڵی تاجداری گۆرانی و مۆسیقادا 8

وەسفکردنی هۆڵی گۆرانی و مۆسیقا بەوەی هۆڵێکی تاجدارە، وەسفێکە لە جیهانی ئاساییدا بوونی نییە، بەڵام شاعیر بەهۆی خەیاڵی داهێنەرانەیەوە ئەو تابلۆیەی کێشاوە، بۆئەوەی دیمەنی هۆڵەکە لەدەرەوە ئەوەندە جوان بێت، شیاوی جوانیی گۆرانی و مۆسیقا بێت، ئەم ئەفراندنەی شوێن وادەکات، کە هەرخوێنەرێك بەپێی پێشینەی زەینیی خۆیەوە، وێنە بۆ ئەم هۆڵە دروستبکات، لای منداڵێك لەوانەیە وێنەکە هۆڵی ئاهەنگی دەستنیشانکردنی سەندرێللا بێت بۆ کوڕی پاشا، کە لە فلیمی کارتۆنێکدا بینیویەتی، هەمان وێنە لای گەشتیارێك وەك گومبەدە سەرسوڕهێنەکانی تاج مەحەل و کرملین دەردەکەوێت، ئەگەر خوێنەرەکان وێنەکێش بن و وێنەی ئەوە بکێشن، کە لە کاتی خوێندنەوەی ئەم دێرە لە زەینیاندا دروستدەبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە وێنەکان زۆر جیاواز دەبن.

نموونەیەکی دیکەی شوێن لە دەقەکەدا :

### سەرم بە سینگی درەختێکەوە کردووە 9

دیارە کە درەخت سینگی نییە، بەڵام خوێنەر زۆر بەلایەوە ئاساییە و یەکسەر دەربڕینی سینگی درەخت لە زەینی ئەودا، لەگەڵ وێنەیەکی خەیاڵی یەکدەگرێتەوە، بونیادی داماڵین لەم وێنەیەدا لە ڕێی دوو لادانی زمانییەوە کاریکردووە، یەکەمیان دانەپاڵی وشەی ( سینگ ) کە لە سیما واتاییەکانیدا ( + گیانەوەر ) هەیە بۆ وشەی ( درەخت ) کە لە سیما واتاییەکانیدا ( - گیانەوەر ) هەیە، ئەمەش نەگونجانی واتایی دروستدەکات، وا لە خوێنەر دەکات، یەکسەر پەنا بۆ خەیاڵ ببات، تا لەوێدا ئەو وێنەیە ببینێت. دووەمیشیان خواستنی ئەندام و بەشەکانی لەشی مرۆڤە بۆ درەختێك، کە نە سینگ و نە پشتی هەیە، ئەم وێنەیە چەند هەنگاوێك لە جیهانی ئاساییەوە دوورکەوتووەتەوە، ئەگەر لە دێرەکەدا بنووسرایە ( سەرم خستە سەر پشتی مێزێکەوە)، ئەمەیان زووتر دەهاتە بەرچاو و ئاسایی تربوو، کە مێز پشتی ببێت، بەڵام لە حاڵی ئێستادا، کە سینگی درەخت باسکراوە، ئەوا دەبێت خوێنەر چەند هەنگاوێك لە درەختی ئاسایی دووربکەوێتەوە، هەتا لە زەینی خۆیدا وێنەیەکی گونجاو بۆ ئەم دەربڕینە دەدۆزێتەوە.

### چوارەم: داماڵینی کات لە دەم و ساتەکانی:

دەربڕینی کات لە زمانی کوردیدا بە یەکێك لەم ڕێگایانە دەبێت :

1- ناوی کاتە دیاریکراوەکان، وەك : ساڵ، مانگ ، ڕۆژ ، هەفتە ، .....تاد.

2- هاوەڵکارەکانی کات : وەك : دوێنێ ، سبەی ، نیوەشەو، هەرگیز،7.....تاد.

3- ئەو وشانەی پرس، کە بۆ کات بەکاردێن ، وەك : کەی ، کەنگی ، ..... تاد.

4- هەندێك دەربڕین کە وەسفی کاتی پێدەکرێت: وەك : داهاتوو، ڕابردوو، ئێستا، ..... تاد.

5- کاتی کارەکان: وەك کاری ڕابردوو ، ڕانەبردوو ، ئایندە .

ئەو خاڵانەی سەرەوە یاساکانی گوزارشتکردن لە کات لە زمانی قسەکردنی ڕۆژانەدا دەستنیشان دەکات، بە هەمان شێوەش دەستکاریی پێکهێنە زمانییەکانی کات دەکات. لەم لێکۆڵینـــەوەیەدا مەبەست لـــە چەمکی (کاتی شیعری ) جیاواز ترە لەو واتایەی بەبەریدا کراوە، مەبەست پێی کاتی ڕوودانی کردار نییە. وەك لە زمانی ئاخاوتندا هەیە، ئەوەش نییە کە ( ئەدۆنیس ) لەبارەی ( بەدر شاکر سەییاب ) ەوە دەڵێت: ( شاعیرانی هاوچەرخی سەییاب لە ڕابردوودا دەژیان ... بەڵام سەییاب لە ئێستاوە سەیری ئایندەی دەکرد )8. ئەم جۆرە کاتە دەکرێت، ناوببرێت پەیوەستبوونی شاعیر بە کولتوور و ڕۆشنبیریی کۆن، یان نوێ. ئەوەی لە چەمکی ( کاتی شیعر ) لێرەدا مەبەستە، ئەو کاتەیە خوێنەری دەق دەیخاتە پاڵ دەقەکەوە، خوێنەر کاتێك بە کردەی خوێندنەوەوە خەریکە، بڕیاردەدات کاتی ئەو دەقە ڕابردووە، یان ئاییندەیە، ئەمەش لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی دیکە دەگۆڕێت» کاتێـك هۆنراوەیەك

دەخوێنینەوە تێگەیشتنمان بۆی لە ڕێگای کاریگەرییەکانیدا دەبێت لەنێو کاتدا «9 ، خوێنەری وا هەیە یادەوەرییەکانی بۆ ڕابردوو دەیبەنەوە، چێژی دەقەکە لەوێدا وەردەگرێت، خوێنەریش هەیە خەیاڵ بەرەو ئاییندەی دەبات و کاتی دەقەکە بە داهاتوو دەزانێت. بڕیاردانی ژیریی خوێنەر بەسەر کاتی دەقەوە خاڵێکی زۆر گرنگە، چونکە ( پەیوەندییەکی زۆر جیاواز لەنێوان کاتی - من - و - کاتی دەوروبەر - دا هەیە ..... لە ژیانی ئاساییشدا ئەو جیاوازییە هەستی پێدەکرێت، هەندێك جار مرۆڤ هەستدەکات، کە کاتی - من - خێراتر دەڕوات لەچاو کاتی - دەوروبەر - ، لەو دۆخەدا وادەزانێت کات خێرا دەڕوات ... هەندێك جاریش پێچەوانەکەی ڕوودەدات )10 ، ئەمە لە کاتێکدایە کاتی ئاسایی دەوروبەر هەر هەمان چرکە و سەعاتە، بەڵام ژیریی مرۆڤ لەو دۆخەدا بە جیاوازی دەزانێت . کاتی - من - لە دەقدا کاتی خوێنەرە، کاتێکە کە شاعیر ڕایەڵەکانی تەنیوە و چنین و نەخشاندنەکەیشی بۆ خوێنەر جێهێشتووە، خوێنەریش بەهۆی کاریگەرییەکانی یادەوەری و خەیاڵی داهێنەرانەوە لە ڕێی دەقئاوێزاندا نیگارەکانی کات دەنەخشێنێت.

ئەوەی ئەم دەقەی بەردەستمان جیادەکاتەوە ئەوەیە، کاتی نێو دەقەکە کاتێکی کراوەیە، چونکە دەقەکە بە ڕابردوو دەستپێدەکات و بە داهاتوو کۆتایی دێت، لەنێوان دەستپێك و کۆتاییشدا، کات بە چەند دەم و ساتی جیاجیا دەردەکەوێت. وەك :

کاتی ڕابردوو:

**بە ناو تاریکایی کێو تێپەڕی 2**

**لە ڕەنگاوڕەنگی پەپوولە بێزارە و ترسێك ماندووی کردووە 14**

**کاتی ئێستا:**

**کێو بەرگریکەر و هێرش بەرە 3**

**جیهانیش لێوی وشکە 4**

**لە هۆڵی تا**

**لە خەو هەستێ 6**

**خوێنەری وا هەیە یادەوەرییەکانی بۆ ڕابردوو دەیبەنەوە، چێژی دەقەکە لەوێدا وەردەگرێت، خوێنەریش هەیە خەیاڵ بەرەو ئاییندەی دەبات و کاتی دەقەکە بە داهاتوو دەزانێت. بڕیاردانی ژیریی خوێنەر بەسەر کاتی دەقەوە خاڵێکی زۆر گرنگە، چونکە ( پەیوەندییەکی زۆر جیاواز لەنێوان کاتی – من – و - کاتی دەوروبەر - دا هەیە**



gaston bachelard

**بە ئارەزووییەکی زۆرەوە دەست بۆ کەمانچە دەبات** 7

**تا خۆم حەزدەکەم لە خەو هەڵمەستێنە** 10

**ئەی کازیوەی ناو باخچە فراوانەکان** 11

**نازانێت پەپوولە بەسەرشانی دەمێنێتەوە** 15

**یان بە هۆی شانییەوە دەچنە ناو لك و پۆپی درەختەکەوە** 16

**ئەو کات دەبێت یارییەکە دەست پێ بکاتەوە** 17

**خەمیش لە کۆتایی گەردوون بخوات** 18

ئەم خستنەڕووەی دێڕەشیعرییەکان، تێکچڕژاویی کات لەم دەکەنەوە، کاتی ڕابردوو لە دێڕەکانی ( 2 ، 14 ) دا هاتووە، کاتی ئێستا لە دێڕەکانی ( 3 ، 4 ،8 ،9 ، 12 ، 13 ) دا هاتووە، کاتی داهاتووش لە دێڕەکانی ( 6، 7، 10، 11، 15 ، 16 ، 17 ، 18 ) دا هاتووە، واتە بەپێی دێڕەکانی شیعرەکە، کێرڤی کات بەم شێوەیەیە:




هێڵکاری ( ١ – ٢ ) کات بە پێی دێڕەکان

کێرڤی کات لەم دەقەدا هێڵێکی ئاسۆیی نییە، چونکە کاتەکە یەك کاتی دیاریکراو نییە، هەروەها سلۆپێکی دیاریکراوی هەوراز، یان نشێویش نییە. وەك ئەوەی کات لە ڕابردووەوە بۆ ئێستا و بەرەو ئایندە بەڕێکی بڕوات، یان بە پێچەوانەوە، بەڵکو کێرڤەکە شێوە پەیژەیەکی نارێکە، بەهۆی نارێکیی دابەشبوونی ساتەکان، ڕەوتی زەمەن لەم دەقەدا ئەو ستاییلە باوەی نەماوە، کە ساتەکانی یەك لەدوای یەك بن و خوێنەر تێیاندا وەك سواری شەمەندەفەرێك پشووبدات، بەڵکو ساتەکان پەرشوبڵاون و خوێنەر وەك کەسێك لەسەر پلیکانەیەکی نارێك بڕوات بەرز و نزم دەبێتەوە.

ئەم یارییە وردەی دەقەکە لەگەڵ کات ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە دەقەکە تەوەرەیەکی دیاریکراوی دەم و ساتی نییە، کاتی دەقەکە لە ساتە باوەکان داماڵراوە وەك ئەوەی، کە شوێن لە دەقەکەدا لە ڕەهەندەکانی داماڵرابوو. ئەم داماڵینی کات و شوێنەش بونیادێکی ( شوێنکات ) ی ورد و کاریگەری ناو دەقەکەیە، کە زمانە شیعرییەکەی هێندەی دیکە لە هەموو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی و گەیاندن داماڵیوە.

پێنجەم: داماڵینی دەق لە بکەرێکی دیاریکراو:

خوێنەری ئەم دەقە کە ورد دەبێتەوە، دەبینێت دەقەکە بکەرێکی دیاریکراوی وەك تەوەرەی بابەت تێدا نییە، دەقی ئەدەبیی نوێ بەگشتی یەکێتیی بابەتی هەیە و خودی شاعیر تەوەرەیە، یان تەوەرەیەکی دیاریکراو هەیە لە شێوەی چاڵێکی ڕێزمانی دەردەکەوێت، کە بەزۆری ئەو چاڵە بکەرە، بەڵام لەم دەقەدا بەهۆی هەمەڕەنگیی بابەتەکانییەوە، هەمەڕەنگی بکەری تێدا دروست بووە، بەمەش لە بکەرێکی دیاریکراو داماڵراوە، بکەرە جیاجیاکانیش ئەمانەن :

1- کەسی سێیەمی تاك :

**بە دڵێکی پڕ و ئاسوودەوە** 1

**بە ناو تاریکایی کێو تێپەڕی** 2

لەم دوو دێڕەی سەرەوەدا بکەر کەسی سێیەمی تاکە، ئەم بکەرە سەرەتای پارچە شیعرەکە دەکاتەوە و دواتر ون دەبێت و لە هیچ دێڕێکی دیکەدا بەدەرناکەوێتەوە.

وتارو لێکۆڵینەوە

2- جیهان:

| | |
|---|---|
| لە خەو هەستێ | 6 |
| بە ئارەزوویەكی زۆرەوە دەست بۆ كەمانچە دەبات | 7 |

3- من :

| | |
|---|---|
| سەرم بە سینگی درەختێكەوە كردووە | 9 |

4- كازیوەی ناو باخچە فراوانەكان

| | |
|---|---|
| تا خۆم حەزدەكەم لە خەو هەڵمەستێنە | 10 |
| ئەی كازیوەی ناو باخچە فراوانەكان | 11 |

5- منداڵ

| | |
|---|---|
| منداڵێك لە درەختەكەوە نزیك دەبێتەوە | 12 |
| نازانێت پەپوولە بەسەرشانی دەمێنێتەوە | 15 |
| ئەو كات دەبێت یارییەكە دەست پێ بكاتەوە | 17 |
| خەمیش لە كۆتایی گەردوون بخوات | 18 |

6- ترس:

| | |
|---|---|
| لە ڕەنگاوڕەنگی پەپوولە بێزارە و ترسێك ماندووی كردووە | 14 |

7- پەپوولە

| | |
|---|---|
| نازانێت پەپوولە بەسەرشانی دەمێنێتەوە | 15 |
| یان بە هۆی شانییەوە دەچنە ناو لك و پۆپی درەختەكەوە | 16 |


وەك لە خستنەڕووی بكەرەكانەوە دەردەكەوێت، دەقەكە (7) بكەری تێدایە و هەریەكەیان یەك جار بەكارهاتووە، تەنیا وشەی ( جیهان ) دووجار و وشەی ( پەپوولە ) دووجار و وشەی ( منداڵ ) چوارجار بەكارهاتوون. ئەم فرەبكەرییە فرەبابەتی لەناو دەقەدا دروستكردووە، كە بە دەقێكی كورت دادەنرێت، بە هەمان شێوە ئەم فرە بكەرییە یارمەتی بونیادی داماڵینی دەقەكە دەدات، بەوەی دەقەكە لە ژێر دەسەڵاتی یەك بكەری دیاریكراو، كە ببێتە تەوەرەی بابەتەكان، دەردەكات.

**بەشی دووەم : داماڵینی مرۆڤ لە منداڵێتی – خوێندنەوەیەكی واتایی بۆ هێماكانی نێو دەقەكە**

وەك لە بەشی یەكەمدا دەركەوت، زمانی شیعری لەم دەقەدا پابەندی بونیادێك بووە، كە كار لەسەر داماڵینی دەق دەكات لە هەموو ئەو شتانەی، كە قسەكردنی ئاسایی پێیدەناسرێتەوە، ئەم داماڵینە لە واتای گشتیی دەقەكەدا ڕەنگیداوەتەوە. دەقەكە كۆمەڵێك بابەتی خستووەتەڕوو، كە لەڕووی پەیوەندیی واتاییەوە لە یەكتری دوورن، بەڵام بونیادی داماڵین لەناو دەقەكەدا، توانیویەتی ئەو ڕستە لە یەك دوورانە بە جۆرێك كۆبكاتەوە، كە لە كۆی هەموویانەوە، ڕیزبەندیی قۆناغەكانی ژیریی مرۆڤ بخاتەڕوو لە ساویلكەییەوە بۆ پێگەیشتن، وەك لەم خاڵانەی خوارەوە ڕوونكراوەتەوە:

**یەكەم: سروشتی ساویلكەیی و بێباكی لای مرۆڤ:**

دەقەكە بە وێناكردنی مرۆڤێكی ساویلكە و بێباك دەستپێدەكات، كە بە ناو تاریكایی ژیاندا تێدەپەڕێت بێئەوەی ئامادەی هەڵگرتنی قورساییەكانی ژیان بێت. ئەمە لەگەڵ ئەوەی لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی دیكە جیاوازە، بەڵام بەگشتی دیاردەیەكی مرۆڤێنییە، چونكە هەموو مرۆڤێك ڕێژەیەكی ساویلكەیی تێدایە، لەو كاتەی كە وا لەخۆبایی دەبێت و ئمایيشی بێنیازی دەكات، تا ئەو ڕاددەیە لە خۆی دڵنیایە، كە پلان و بەكارهێنانی هۆكارەكانی سەركەوتن پشتگوێدەخات. هەندێك جار وا هەستدەكات ئەزموونی ڕابردووی زۆرە و پشتیان پێدەبەستێت و هەندێك جاریش پشت بە بەخت و ڕێككەوت دەبەستێت، كە لە جەنجاڵیی ژیاندا سەركەوتنی بۆ بێننە بەردەست. ئەم ساویلكەیی و بێباكییە لە دێرەكانی یەكەم و دووەمدا دەردەكەون :

به دڵێکی پڕ و ئاسوودەوە 1

به ناو تاریکایی کێو تێپەڕی 2

بەڵام هەر لە دێڕی سێیەمەوە دەقەکە مرۆڤ لەوە ئاگاداردەکاتەوە، کە ژیان ئەم جۆرە بێباکییە لە مرۆڤ قبووڵناکات، چونکە مرۆڤ لە بنچینەوە بە ڕێسا و یاسا گەردوونییەکانی ژیانەوە پابەندکراوە.

**دووەم: ئەوکەسەی پابەندی یاساکانی ژیان نەبێت، ناتوانێت بەسەر بەرزاییەکانیدا سەربکەوێت:**

یاساکانی ژیان وەك خودی ژیان کۆنن، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هیچ پاڵەوانییەتییەکی ڕاستەقینە، تەنانەت ئەفسانەییش بۆ کەسێك تۆمارنەکراوە، کە پێچەوانەی یاساکانی ژیان ڕەفتاری کردبێت، بە پێچەوانەوە هەموو کەلەپووری مرۆڤایەتی باس لە گرنگیی پەیوەستبوونی مرۆڤ دەکەن بە یاساکانـەوە. بۆ جـەختکردنەوە لەسەر ئەو چەمکە، ئەم دەقە دوو دەستەواژەی ( بەرگریکەر ، هێرشبەر ) ی بەکارهێناوە، بۆئەوەی ڕوونی بکاتەوە، یاساکانی ژیان لەسەر هەموو مرۆڤ، هەردوو وشەکە لەڕووی شوێنەوە چەمکی بزاوتنی بەردەوام دەگەیەنن، لەڕووی واتایشەوە ناوی بکەرن و جێبەجێکردنی ڕاستەوخۆ دەگەیەنن، بەرگریکەر ڕێگانادات، کە سنوورەکانی ببەزێندرێت، هێرشبەریش تۆڵەدەستێنێتەوە، لە کەسانی سنووربەزێن. کەواتە جەختکردنەوە زۆر بەزەقی کراوە لەسەر ئەسەر ئەوەی، کە ژیان زۆر دڵڕەقە بەرانبەر بە گاڵتەپێکەران و بەزێنەرانی سنوورەکانی . وەك لە دێڕی سێیەمدا دیارە:

کێو بەرگریکەر و هێرشبەرە 3

بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییە، ڕاستەوخۆ دوو خەسڵەتی دیکە باسدەکات، یەکەمیان ئەوەیە، کە ژیان بۆ هەمووکەس وەك یەك بەخشندە نییە. شیرینی بە کەسانێك دەبەخشێت و گەرووی کەسانێکیش تاڵدەکات، بۆ ئەو مرۆڤەی بێباکە و یاساکانی پێشێلدەکات، سەرچاوەکانی بەخشندەیی و میهرەبانی ژیان وشکن، واتە هیچ دڵۆپێك لە بەزەییان تێدا نییە ، وەك لە دێڕی (4 ) دا دیارە :

جیهانیش لێوی وشکە 4

وەسفی دووەمیش ئەوەیە، کە ژیان چاودێرییەکی یەکجار وردی مرۆڤ دەکات، گرتەی هەموو جموجووڵێکی مرۆڤی لە لا پارێزراوە، هۆکار و بەڵگەی ئەم وردییەش ئەوەیە، کە هەواڵدەرەکە ویژدانی مرۆڤ خۆیەتی، ئەو ویژدانەی، کە لەسەر یاساکانی ژیان پرۆگرام کراوە و ڕازینابێت، خاوەنەکەی لە ڕاستی لابدات و بەڕەمەکی بژیت. وەك لە دێڕی پێنجەمدا دەردەکەوێت :

گوێی سووک و مەست بە لەرینەوەی ئاواز 5

ئەم ژیانە گوێی لە ناڵەی ئەو کەسانە نییە، کە سزایاندەدات، لە ئاست هاوارەکانیان وەك کەسێکی مەست و خەواڵوو وایە، داد و فیغانەکانیان خەوی قووڵی ئەو تێکنادات، ئەو بە حەزی خۆی هەڵدەستێت و بە هەموو ئارەزوویەکەوە ژێیەکانی دەژەنێت و ئاواز دروستدەکات، وەك لە دێڕەکانی ( 6 ، 7 ) دا دیارە:

لە خەو هەستێ 6

بە ئارەزوویەکی زۆرەوە دەست بۆ کەمانچە دەبات 7

کەوایە ئەمە ژیان و ڕاستییەکەیەتی و ئەمە هەڵوێستییەتی بەرانبەر بە مرۆڤ ، بەڵام مرۆڤ پەندوەرناگرێت، بەردەوام هەڵەکانی ڕابردووی دووبارەدەکاتەوە، هەرگیز ئاوڕێکی ڕاستەقینە لە سەرەنجامی پێشینانەکانی خۆی ناداتەوە، بۆئەوەی

وتارو لێکۆڵینەوە

بەیەکجاری کۆتایی بەم مەرگەساتە بهێنێت و دۆخێکی نوێی هاوگونجاو دەستپێبکات و خۆی و دەوروبەری بە شێوەیەکی هارمۆنی لەگەڵ ئاوازەکانی ژیان دەستپێبکاتەوە. لێرەدا واتای دەقەکە دەگاتە بەرزترین خاڵی سەرکەوتن و لەوێدا کەسی زیرەك و دانا هیچ بوارێکی بۆ نامێنێتەوە، جگەلەوەی وەك سەیرکەرێکی یارییەکان سەیری هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ و دەرەنجامەکانیان بکات، کەسی دانا زووتر زۆری نووسی، زۆری وت، زۆری روونکردەوە، بەڵام مرۆڤ هەرگیز ئاوڕی لێنەدایەوە.

**سێیەم: شاعیر وەك دانایەکی سەیرکەری یاری:**

شاعیر لە ناوەڕاستی ئەم پارچە شیعرەدا دەردەکەوێت، بۆئەوەی هەڵوێستی خۆی روونبکاتەوە، ئەو لەو کەسە ساویلکانە نییە. کە گاڵتە بە یاسا و ڕێساکانی ژیان بکات، بەڵکو ئەو ئەو دانایەیە کە سەیری مرۆڤەکان و سەرەنجامەکانیان دەکات، بێئەوەی بتوانێت هیچی لێبگۆڕێت، چونکە یاساکانی ژیان ڕێگە بە گۆڕینی سەرەنجامەکان نادەن. بەهۆی ئەم داناییەوە حاڵی ئەو حاڵی مرۆڤی چارەڕەش نییە، ئەو لە هۆڵی تاجداری گۆرانی و مۆسیقادا، بەتەواوی ئاسوودەییەوە سەری بە سینگی درەختی ژیان کردووە،تا خۆی حەزنەکات کازیوەی بەرەبەیان خەبەری ناکاتەوە. وەك لە دێڕەکانی ( 8، 9، 10، 11) دا دیارە :

| | |
|---|---|
| **لە هۆڵی تاجداری گۆرانی و مۆسیقادا** | 8 |
| **سەرم بە سینگی درەختێکەوە کردووە** | 9 |
| **تا خۆم حەزدەکەم لە خەو هەڵممەستێنە** | 10 |
| **ئەی کازیوەی ناو باخچە فراوانەکان** | 11 |

شاعیر لێرەدا دانایەکە سەیری تەماشای مرۆڤەکان دەکات، چۆن هەڵەدەکەن و چۆن سزاکەی دەچێژن، چۆن ڕەوڕەوەی ژیان لەگەڵ خۆی بەرەو سەرەنجامی کۆتایی دەیانبات، ئەوان حەزبکەن، یان نا. هەر دەڕۆن ، تەنیا دەتوانن وەك شاعیر چۆنیەتیی ڕۆیشتنەکە هەڵبژێرن.

**چوارەم: دەبێ مرۆڤ ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتییەکانی خۆی ببێتەوە:**

دوای ئەوەی شاعیر چیرۆکی ژیانی گێڕایەوە، بە شێوەی گرتەیەکی سینەمایی نموونەی ژیانی مرۆڤێك دەخاتە بەرچاو، کە هەموو مرۆڤەکانی دیکەش هەمان کۆپیی ئەو نموونەیەن و تێیدا شیکاری دۆخی دەروونی و ژیریی مرۆڤ دەکات، ئینجا ئەو ئەنجامە ڕووندەکاتەوە، کە هەموو مرۆڤێك لە هەرئاستێکی دانایی، یان ساویلکەییدا بن، دەبێت ڕووبەڕووی خودی خۆی بێتەوە، بەرپرسێتییەکانی خۆی، لە ژیان پشتگوێ نەخات، ئەمەش لەبەرئەوەیە هەموو مرۆڤەکان یەك سەرچاوەیان هەیە، بەرەو یەك کۆتایی دەڕۆن و کەسیش لە کەس داناتر نییە، بەڵکو ئەوە خودی مرۆڤە بڕیاردەدات دانابێت، یان ساویلکە. کە وابێت ڕۆیشتن لەگەڵ کاروانی ژیان هەڵبژاردنی تێدا نییە و بە زۆرە، وەك ئەوەی هاتنەناو خودی ژیانیش هەڵبژاردنی تێدا نەبووە، تەنیا ئەوە بۆ مرۆڤ هەیە، کە بەئازادیی خۆی چۆنیەتیی ڕۆیشتنەکەی هەڵبژێرێت، مرۆڤ لەو دۆخەدا وەك ( سارتەر ) دەڵێت، بەزۆر ئەو ئازادییەی بەسەرداسەپێندراوە، ئەمە ڕاستییەکـــی ئەنتۆلۆژیی تاڵە، لەمەوە بەرپرسیارێتی سەرهەڵـدەدات، لەم خاڵـــەوە ( تاکەکان لە ڕاددەی هەڵگرتنی بەرپرسێتیدا جیاوازن، هەروەها لە ڕێگاکانی خۆدزینەوە لە بەرپرسێتیشدا هەرجیاوازن. هەندێك کەسیش بەرپرسێتییەکانی خۆیان دەخەنە سەرشانی کەسانی دیکە ..... )11. بنەچەی خۆدزینەوە لە بەرپرسێتی لە ترس، لە هەڵگرتنی بەرپرسێتییەوە سەرچاوەدەگرێت، ئەو ترسەی بە یەکێك لە گرێ دەروونییە ئەنتۆلۆژییەکانی مرۆڤ دەژمێردرێت. ئەو درەختەی لە دەقەکەدا هاتووە و لانەی بەختەوەریی شاعیر و شوێنی خەوی شیرین و دڵئارامییەتی، سەرچاوەی دڵەڕاوکێ و ترسە بۆ مرۆڤێك، کە تازە یەکەمین هەنگاوەکانی لەگەڵ ژیاندا دەنێت، ئەو منداڵە واتە سەرەتای ئەزموونیەتی و پەپوولەیەکی بەسەر شانەوەیە، واتە کەمترین و سووکترین بەرپرسیارێتی لە ئەستۆدایە، بەڵام چونکە نازانێت هەنگاوی دوای یەکەم هەنگاو چییە، تووشی دڵەڕاوکێ و ترس دەبێت، وەك لە دەقەکەدا دیارە :

**ژیان چاودێرییەکی یەکجار وردی مرۆڤ دەکات. گرتەی هەموو جموجووڵێکی مرۆڤی لە لا پارێزراوە. هۆکار و بەڵگەی ئەم وردییەش ئەوەیە. کە هەواڵدەرەکە ویژدانی مرۆڤ خۆیەتی، ئەو ویژدانەی. کە لەسەر یاساکانی ژیان پرۆگرام کراوە و ڕازینابێت. خاوەنەکەی لە ڕاستی لابدات و بەڕەمەکی بژیت**



adonis

**مندالێك لە درەختەکەوە نزیك دەبێتەوە 12**
**پەپوولەی بەسەر شانەوەیە 13**
**لە ڕەنگاوڕەنگی پەپوولە بێزارە و ترسێك ماندووی کردووە 14**

**پێنجەم: ترس لە بەرپرسیارێتی:**

کاتێك کە مرۆڤ بە زۆرلێکراوی بەرەو درەختی ژیان هەنگاودەنێت، هەستی ترس و دلەڕاوکێ دایدەگرێت، ترس لە نادیاری و ناڕوونیی داهاتوو، ترس لەوەی ئایە هەتاهەتایە هەر بەرپرسە؟ یان بۆی هەیە ڕزگاری ببێت ؟ ئەو بەرپرسێتییە هەر ئەو برەیە، یان زیاتر دەبێت؟ ئەم پرسیارانە و هاوشێوەکانی، مرۆڤ بە خەرمانەیەکی ترس و دلەڕاوکێ دادەپۆشن، هەرکاتێك بیەوێت بەتەنیا هەست لە خۆی ڕابگرێت، هەموو ئەمانە بە دەورییەوە کۆدەبنەوە. وەك لە دێری ( 15 ، 16 ) دا دیارە :

**نازانێت پەپوولە بەسەرشانی دەمێنێتەوە 15**
**یان بە هۆی شانییەوە دەچنە ناو لك و پۆپی درەختەکەوە 16**

**شەشەم: تێگەیشتن لە ڕاستییەکانی ژیان و پێگەیشتن:**

سروشتی ژیان وا نییە، کە کەسانی دانا نەمر بن و ساویلکەکانیش تێبچن، بەڵکو هەمووان دەژین و هەموانیش دەمرن، ئەمە هۆکاری ئەوەیە مرۆڤ لە سەرەتاوە گرنگی بە ئەرکەکانی نادات. هەموو مرۆڤێك دەبێت، ژیان بە هەموو وردەکارییەکانییەوە بچێژێت، جا مرۆڤ هەیە هۆکارەکانی ژیانی باش ئامادەدەکات، هەیشە بەڕەمەکی دەچێتە ناو کاروان، بەڵام لەکۆتاییدا و کاتێك باری بەرپرسێتییەکەی یەکجار گران دەبێت و باجی هەڵەکانی زۆردەبن، ئەوکاتە هەست بە مانای بەرپرسیارێتی دەکات. ئەم هەستکردنە بە گرانی بار و سەختیی باجی هەڵەکان، هەنگاونانە بەرەو پێگەیشتن، وا لە مرۆڤ دەکات خۆی کۆبکاتەوە و ئامادەکاری بکات، ئەگەر کاتیش درەنگی کردبێت.

شاعیر ( کە لە ناوەڕاستی دەقەکەوە - دێری 8 - قسەکەرە تا کۆتایی) لە کۆتایی دەقەکەیدا، ئەو بیرە ئەنتۆلۆژییە تەواو دەچەسپێنێت، کە لە سەرەتای دەقەکەوە ڕێی بۆ خۆش کردبوو، دەڵێت :

**ئەو کات دەبێت یارییەکە دەست پێ بکاتەوە 17**
**خەمیش لە کۆتایی گەردوون بخوات 18**

مرۆڤ دەبێت دوای هەموو هەڵەکانی سەرلەنوێ یاری ژیان بە شێوە ڕاستەکەی دەستپێبکاتەوە، شێوەڕاستەکەش ئەوەیە ڕەچاوی سەرەنجام و کۆتایی بکات.

وتارو لێکۆڵینەوە




هێڵکاریی (2 – 1 )  مرۆڤ لە هەرزەبیرکردنەوەوە بەرەو پێگەیشتن

**ئەنجام**

**لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگەینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:**

1. داماڵینی زمان لە ئەرکە کۆمەڵایەتیی و کۆت و پێوەندە ڕێزمانییەکان، فرەواتایی و فرەوێنەیی شیعری دروستدەکات، خولگەی بەردەوامیی واتا بونیاددەنێت. بەپێچەوانەی ئەوەی وا بزانین زمانی دەق هەرچەند لە زمانی ئاسایی دووربکەوێتەوە و ئەوەندە نامۆدەبێت.

2. شاعیر لە دروستکردنی بنیادی داماڵین سەرکەوتوو بووە، چونکە لەگەڵ ئەوەی هێمای جیاجیای زۆر و وێنەی تەواو ئەبستراکتی بەکارهێناوە، کەچی کۆنترۆڵی ڕایەڵکردنی واتای لەدەستنەداوە.

3. دەقەکە دەقێکی نوێیە لەڕووی فۆڕم و بابەتەوە، کەچی زۆر پابەندی بنەما ڕەوشتییە کلاسیکییەکانە لە قبووڵنەکردنی هەرزەیی و بێباکیدا، ئەم گونجاندنەی نێوان بەها کۆنەکان و فۆڕم و بابەتی سەردەمە، لە خاڵە نهێنییەکانی درەوشاوەیی دەقەکەیە.

## پەراوێز:

1. سی ساڵ شیعر ، دیوان، بەرگی دووەم ، ل 281
2. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی هاوەڵکارەکانی شوێن ، بڕوانە : ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لێژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاریی کورد . ل 236 - 253 .
3. صالح ولعه ( أ. د ) ، المكان ودلالته، ص 40
4. غاستون باشلار، جماليات المكان، ص 31
5. فتحيه كحلوش ، بلاغه المكان، ص: 243
6. محمد الهادى الطرابلسى ، بحوث فى النص الادبى، ص : 185
7. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی هاوەڵکارەکانی کات ، بڕوانە : ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لێژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاریی کورد . ل 236- 253
8. أدونيس ، زمن الشعر، ص 311
9. ئازاد خدر ، گۆڤاری نووسەری نوێ، ژمارە : 43 ، ل 82.
10. غاستون باشلار ، جماليات المكان، ص 114-115
11. رولو ماى و إرفيم يالوم ، مدخل إلى العلاج النفسى الوجودى ، ص 97

سەرچاوەکان:

یەکەم : کتێب

1. ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی بەپێی لێکۆڵینەوەی لێژنەی زمان و زانستەکانی لە کۆڕی زانیاری کورد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس ، 2011 ، هەولێر.
2. أدونيس، زمن الشعر، دار الساقى ، ط6 ، بيروت ، 2005.
3. رولو ماى و إرفيم يالوم، مدخل إلى العلاج النفسى الوجودى، ترجمه: عادل مصطفى (د.) ، دار النهضه العربيه ، بيروت، 1999.
4. صالح ولعه ( أ. د ) ، المكان ودلالته، ط1، عالم الالكتب الحديث، اربد ، 2009 .
5. على الجارم ومصطفى امين ، النحو الواظح ، ج2 ، دار المعارف بمصر ، ؟ ، 1966 .
6. غاستون باشلار ، جدليه الزمن ، ط 4 ، الموسسه الجامعيه للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت ، 2010 .
7. غاستون باشلار، جماليات المكان، ، ط2 ، الموسسه العربيه للدراسات والنشر، بيروت ، 1984.
8. فتحيه كحلوش ، بلاغه المكان، مؤسسه الإنتشار العربى ، ط1 ، بيروت ، 2008 .
9. محمد الهادى الطرابلسى ، بحوث فى النص الادبى ، الدار العربيه للكتاب ، تونس ، 1988 .

دووەم : دیوان

10. سی ساڵ شیعر، سەباح ڕەنجدەر، ( دیوان ) بەرگی دووەم، یەکێتیی نووسەرانی کورد ، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر، 2012.

سێیەم: گۆڤار

11. نوسەری نوێ، ژمارە 43 ، تشرینی یەکەمی 2008.